بافڵ تاڵەبانی: پێشوازی لەو کاندیدکردنی مالیکی دەکەین بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی رایدەگەیەنێت، پێشوازی لەو کاندیدکردنی نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەکەن بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و هیوادارن ئەم هەنگاوە پێکهێنانی حکومەتی نوێ خێراتر بکات.

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی، ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، پێشوازی لە کاندیدکردنی نوری مالیکی لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عیراق دەکەین.

ئەوەشی خستەڕوو، هیوادارین ئەم هەنگاوە پرۆسەی تەواوکردنی ڕێکارە دەستوری و یاساییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ خێراتر بکات.

سەرۆکی یەکێتی وتوشیەتی، جەخت لە هاریکاری و هەماهەنگی زیاتر لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوە لە پێناو پاراستنی سەقامگیری و گەیشتن بە حکومەتێکی بەهێزی خزمەتگوزار، کە ڕەنگدانەوەی

واقیعی ئ□م□□ی و□ا ت□ک□مان و ه□نا ن□دی خواستی خ□□ک□ک□مان ب□ت.